## هێلین عومەر:

### یاریزانی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

# وەرزش بەگشتی پێویستی بە چاکسازی هەیە بەتایبەتی وەرزشی کچان



یانەی وەرزشیی پێشمەرگە یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگییەی زۆر بە یارییەکانی ئافرەتان دەدات لە شاری سلێمانی و تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانانی بەتوانایە و یەکێک لە کچە یاریزانە لاوەکانی تیپەکەش کچە یاریزان هێلین عومەر-ی لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ی شاری سلێمانییە و سەرەڕای ئەوەی قوتابییە لە وەرزشیش بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەشە لەگەڵ یانەکەی لە خولی نایابی عێراق و کوردستان، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ کارزان کانەبی

***سەرەتای هاتنت بۆ ناو وەرزش چۆن بوو؟**

- وەکو زۆربەی یاریزانانی تر هەر لە منداڵییەوە هاتوومەتە ناو بواری وەرزشییەوە، واتە وەرزش خەونی منداڵیم بووە.

***بۆچی لە ناو ئەم هەموو یارییە وەرزشییە یاریی باڵەت هەڵبژاردووە؟**

- حەزم بۆ هەموو یارییەکان هەبووە، زۆربەی یارییەکانیشم تاقی کردۆتەوە لە قوتابخانە وەکو گۆڕەپان و مەیدان و تۆپی دەست و باسکە و باڵە و دواتر بەهۆی خۆشەویستیم بۆ یاری باڵە عەشقی یاری باڵە بووم و لەم یارییە بەردەوام بووم.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

-نەک یاریی باڵە، بەڵکو وەرزش بەگشتی پێویستی بە چاکسازی هەیە لەکوردستان بەتایبەتی بۆ ئاستی کچان، کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی هۆکارێکی باش دەبێ بۆ بەرەوپێش چوونی ئەم یارییە.

***هەست ناکەی ئەم یارییە لە کوردستان پشتگوێ خراوە؟**

-لە هەندێک شوێن پشتگوێ خراوە، بەڵام بەهۆی خۆشەویستیی یاریزانان بۆ یارییەکە هەست بە پشتگوێخستنی یارییەکە نەکراوە.

***ئایا نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی نابێتە هۆکار بۆ ساردبوونەوەی یاریزانان لەم یارییە؟**

-راستە پاڵەوانیەتی کەمە، بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی یاریزانان، بەڵام ئێمە وەکو یاریزانانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوام بووین لە مەشق و راهێنانەکانمان.

***داواکاریتان چییە وەکو یاریزانان؟**

-پێویستە پاڵەوانیەتی زیاتر بکرێتەوە و گرنگیی باشتر بدرێت بە یاریزانانی تیپەکان بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن خزمەتی وەرزش بکەن.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە لە چی دەبینی؟**

-گرفتەکە ئەوەیە کە وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە.

***لە هیچ یانەیەک گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-تاکو ئێستا نەخێر.

*** تا چەند گرفتتان بۆ دروست دەبێت لە وەرزشکردن بە هۆی ئەوەی کە ئێوە ئافرەتن؟**

-راستە بەربەستی زۆر هەیە لە ژیانی وەرزشی بۆ کچان، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم عەشقی وەرزشم، بۆیە هیچ گرفتێک نەیتوانیوە لە پێشم بوەستێت.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-بەرنامەی من بەردەوام بوونە لە وەرزشکردن هەتا بتوانم ئاستی باشتر پێشکەش بکەم، هاورێکانیشم ئەو کەسانەن کە حەز لە وەرزش دەکەن، هیوادارم بتوانم هاوکاری یاریزانانی تریش بکەم.

***یانەی پێشمەرگە چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-بێگومان گرفت هەیە، بەڵام ئێمە وەکو یانەی پێشمەرگە تا رادەیەک ئاستمان باشە و گرفتی زۆرمان نییە و ئیدارەی یانە هاوکاری باشمان دەکات و رووبەڕووی کێشەکان بووینەتەوە.

***داواکاریت لە لایەنی پەیوەندیدار و بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

-هیوادارم زیاتر ئاوڕ لەم یارییە بدەنەوە لە شارەکانی کوردستان ، گرنگیی تەواو بە یاریزانان بدەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانان لە تەواوی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.

## لە جامی جیهانی کێ دەبێتە گۆڵپارێزی سەرەکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

# تێرشتیگن



کەمتر لە (١٠٠) رۆژی ماوە بۆ دەستپێکردنی جامی جیهانی (٢٠١٨) کە لە رووسیا بەڕێوە دەچێت، لە ئێستاوە هەموو لە چاوەڕوانی لیستی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و پاڵەوانی جیهان دەکەن، کە ئایا چ یاریزانێك بانگهێشتی هەڵبژاردەکە دەکرێت و کێ دەبێتە جێگەی متمانەی راهێنەر لۆف و لە هەمان کاتدا هەموو چاوەکان لەسەر ئەوەیە، کە ئەڵمانیا کێ هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ببێتە گۆڵپارێزی سەرەکیی هەڵبژاردەی مانشافت مانوێل نوێر، یاخود تێرشتیگن.

نوێر لەسەرەتای وەرزی ئەمساڵدا لە یاریکردن دوورە بەهۆی پێکان لە بەرانبەردا تێرشتیگن لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات.

**سەرەتای چیرۆك لە پێشکەوتنێکی مەترسیدار لە ئاستی تێرشتیگن دەستی پێکرد.**

دوو ساڵ پێش ئێستا زۆر ئەستمە بوو بیر لەوە بکەینەوە جیاوازی لە نێوان ئاستی هەردوو گۆڵپارێز (نوێر، تێرشتیگن) بکەین، راستە تێرشتیگن لەسەرەتای دەرکەوتنی لەگەڵ بروسیا مونشن گلادباخ لە خولی ئەڵمانی ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد، بەڵام لەگەڵ چوونی بۆ یانەی بەرشلۆنە رۆژە ئەستەمەکان دەستیان پێکرد، هەرچەندە توانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بباتەوە، بەڵام ناوبراو چەندین کێشەی هەبوو، کە گەورەتریان کەم یاریکردنی وەکو یاریزانی سەرەکی، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری بەسەردا هات.

تێرشتیگن قەرزداری گواردیۆلایە، چونکە ناوبراو لەگەڵ چوونی بۆ یانەی مانچستەر سیتی بڕیاری دا، براڤۆی گۆڵپارێزی سەرەکی بەرشلۆنە پەیوەندی بەیانەی مانچستەر سیتی بکات، ئەم هەنگاوە هەلێکی زێڕینی بەخشییە تێرشتیگن بۆ ئەوەی لە گشت پاڵەوانێتیەکان وەکو گۆڵپارێزی سەرەکی بەرشلۆنە یاری بکات، هەنگاو دوای هەنگاو ئاستی ئەم گۆڵپارێزە پێشکەوت و ئەزموونێکی زۆری وەرگرت و لە ئێستادا بە بۆچوونی زۆربەی چاودێران یەکێکە لە باشترین گۆڵپارێزەکانی جیهان.

**پێکانی نوێر پرسیاری زۆر دروست دەکات**

پێش پێکانی نوێر، جێگەی پێکەنین بوو، باس لە یارینەکردنی بکرێت بە شێوەیەکی سەرەکی لە جامی جیهانی، بەڵام لە کاتی پێکانی نوێر ئاستی تێرشتیگن بەرەو هەڵکشان بوو، بۆیە ئێستا ئەم پرسیارە مایەی گفتوگۆکردنە لەسەری، بەتایبەتی کاتێك کاپتنی مانشافت لەسەرەتای دەستپێکی وەرز تا ئێستا تەنیا لە سێ یاری بەشداری کردووە لە گشت پاڵەوانێتیەکان. بۆیە لە کۆتایی وەرزدا دەبێت بۆچوونەکان چۆن بێت لە نێوان باشترین گۆڵپارێزی پێکراو و گۆڵپارێزی ئاست بەرز لە کاتی ئێستادا؟

**کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا**

چیرۆکەکە دەست پێ دەکات و تەواو دەبێت، لەگەڵ ئەم نووسینە، بەڵام (نوێر کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە)، هەرچەندە ئەم دێرانە وەکو پارێزگاریکردنە لە مافی نوێر، بەڵام دەکرێت گفتوگۆ لەسەر خاڵە خراپەکانی کاپتن بکەین.

دوایین گۆڵپارێز، کە کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (ئۆلیڤەر کان) بوو، ئەوەیش تەنیا لە یەك جامی جیهانی وەکو گۆڵپارێزی سەرەکی بەشداری کرد لە جامی جیهانی (٢٠٠٦) شوێنی خۆی وەکو گۆڵپارێزی سەرەکی بۆ یانز لیمان بەشێوەیەکی سەیر جێهێشت، بۆیە کاپتنی لێ سەندرایەوە و یاریزان مایکل بالاك بووە کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، بەڵام ئەویش بەهۆی پێکان

# مانوێل نوێر



بۆ دوو یاری لە هەڵبژاردەکە دوور خرایەوە.

نەگبەتی کاپتنایەتی لەگەڵ بالاك بەردەوام بوو لە دوایین یاری وەرزی (٢٠٠٩-٢٠١٠) لەگەڵ یانەی چێڵسی تووشی پێکانێکی سەخت هات و لە جامی جیهانی دوورخرایەوە، بۆیە لەم پاڵەوانێتییە (فیلیپ لام) بووە کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی ئەم پاڵەوانێتییە ئەویش بەشێوەیەکی سەیر لە ساڵی (٢٠١٤) بڕیاری وازهێنانی لە یارییە نێودەوڵەتییەکاندا و لە ئێستادا نەگەبتی کاپتن گواسترایەوە بۆ مانویل نوێر و ترس لەوە هەیە، کە نوێر پێش جامی جیهانی نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ یاریکردن.

## لێدوان کێشە لە نێوان ستافی ڕاهێنەرانی بایرن میونیخ و پزیشکەکانی ئەڵمانیا دروست دەکات

هەفتەی ڕابردوو یەکێك لە پسپۆڕانی لێهاتووی جەستەیی ئەڵمانیا لێدوانی دا و گوتی: نوێر ناتوانێت پێش مانگی پێنجی ئەمساڵ بگەڕێتەوە یاریگاکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نوێر پێش دەستپێکردنی جامی جیهانی دەتوانێت تەنیا بەشداری لە (٣) تا (٤) یاری بکات، بەڵام ڕاهێنەری بایرن میونیخ هانکس بەپێچەوانەی ئەم پسپۆڕە قسەی کرد و گوتی: نوێر دوای (٣) هەفتەی تر دەگەڕێتەوە نێو یاریگاکان.

ئەگەر نوێر لەسەرەتای مانگی چوار بگەڕێتەوە بۆ یاریکردن ئەوە چانسی یاریکردنی دەبێت بۆ ماوەی دوو مانگ پێش دەستپێکردنی جامی جیهانی، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی ئاستی ڕاستەقینەی خۆی بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەگەر کاتی گەڕانەوەی بۆ سەرەتای مانگی پێنج بێت، ئەوەی ئە ستە مە بتوانێت لە (٧) یاری لە ماوەی یەك مانگ بەشداری بکات و چانسی تێرشتیگن زیاتر دەبێت بۆ یاریکردن وەکو گۆڵپارێزی سەرەکی لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا.

کێشە گەورەکە ئەوەیە، کە لە ئێستادا ئەستێرە بەئەزموونەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا وازیان لە یاریکردن هێناوە، وەکو (کلۆزە، لام، شڤانشتایگر و.. هتد) و لە هەمان کاتدا تێرشتیگن یاری لەگەڵ هەردوو یاریزانی هێڵی بەرگری (بواتینگ و هۆمێلس) نەکردووە، چونکە لە جامی کیشوەرەکان لۆف یاری بە هەردوو یاریزانی هێڵی بەرگری نەکرد، بۆیە لە ڕووی لێکتێگەیشتن لەگەڵ یاریزانانی هێڵی بەرگری ئەزموونی نوێر زیاترە.

## نوێر تایبەتمەندی خۆی هەیە

مانوێل نوێر بۆچوونێکی نوێ هێنا نێو بواری گۆڵپارێز لەسەر ئاستی جیهان، ئەم بۆچوونە بەخێرایی جێگەی پەنجەی لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرن میونیخ نیشاندا و سوودێکی زۆر باشی بۆ هەڵبژاردەی مانشافت هەبوو لە جامی جیهانی (٢٠١٤)، بۆیە لە ڕووی هونەری، ئەستەمە جیاوازی لە نێوان نوێر و هیچ گۆڵپارێزێکی دیکە بکەین.

## ئۆشین موحسین:

# هەوڵێکی زۆر هەبوو بەهۆی کوردبوونم شکستمان پێ بهێنن، بەڵام توانیم ئەم بۆچوونەیان بگۆڕم و دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنم



یەکێکە لەو یاریزانانە کە بە ماوەیەکی کورت توانی ناوێکی گەورە بۆ خۆی دروست بکات لە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی، لە ئێستاشدا لەسەر ئاستی عێراق و کیشوەری ئاسیا و وڵاتانی عەرەبی رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکان دەکات. ئۆشین موحسین عەزیز ساڵی (١٩٩٨) لەدایک بووە و یاریزانی تیپی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێرە لە کێشی (٦٩)کگم و قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیە. لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دایەوە.

دیمانە: رێبین رەمزی

***هۆکاری دەستنیشانکردنی یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی بۆ وەرزشی خۆت چ بوو؟**

- ئێمە لە منداڵییەوە سەیری باوکمان دەکرد، کە ئەم یارییەی دەکرد، بۆیە خولیای بەرزکردنەوەی قورسایی بووین، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو، کە ئەم یارییە دەستنیشان بکەین و لە ئێستادا باوکم راهێنەر و رێنیشاندرمانە.

*** دەستنیشانکردنی بەرزکردنەوەی قورسایی هیچ گرفتێکی لە نێو کۆمەڵگە بۆ دروست نەکردووی؟**

- هەڵبژاردنی ئەم یارییە گرفتی زۆری بۆ دروست کردووین، بەڵام رێگەم نەداوە ببێتە رێگر لە بەردەم بە دەستهێنانی ئاواتەکانمان.

*** گرنگترین دەستکەوتەکانت چییە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و ئاسیا و عەرەب؟**

- لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق چەندین ساڵە لەسەر گشت ئاستەکان بەبێ رکابەر پاڵەوانم و ملوانکەی زێرم بەدەستهێناوە و لە ساڵی (٢٠١٠) بەشداری لە پاڵەوانێتی عەرەبیم کرد و توانیم لە کێشی (٤٨)کگم پلەی دووەم بەدەست بهێنم و لە ساڵی (٢٠١٧) بەشداریم لە پاڵەوانێتی رۆژئاوای ئاسیا کرد، لە وڵاتی ئوردن و توانیم شەش ملوانکەی زێڕ و پلەی یەکەم لە کێشی (٦٣)کگم بە دەست بهێنم.

*** وەکو کچە یاریزانێك چ خەونێکت هەیە و ئامانجت بۆ داهاتووت چییە؟**

- گەورەترین ئامانجی من بەشداریکردنە لە پاڵەوانێتی جیهان و هەموو هەوڵێکم دەدەم تا لەم پاڵەوانێتیە گەورەیە بەشداری بکەم. دوو خەونی گەورەشم هەیە، ئەوەیش یەکەمیان، هەوڵ بدەم کچی کورد هان بدەم تاوەکو بێنە نێو یاری بەرزکردنەوەی قورسایی بۆ ئەوەی بتوانین بناغەیەکی باش بۆ ئەم یارییە دابنێین و خەونی دووەمم ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان بتوانم بەشداری لە ئۆڵۆمپیاد بکەم.

*** گەورەترین کێشە و گرفتت چییە؟**

- گەورەترین کێشەمان نەبوونی شوێنێکی گونجاوە بۆ مەشقکردن، چونکە پێشکەوتنی ئاست پێویستی بە پێداویستی یاریکردن و شوێنی گونجاوی مەشقکردن هەیە، هەروەها لە کاتی بەدەستهێنانی نازناوەکانی دەرەوە وەکو پێویست پاڵپشتیمان ناکرێت، بەهیوای ئەوەم لایەنی پەیوەندیدار پاڵپشتی وەرزشوانە پاڵەوانەکان بکات، بەتایبەتی کچان بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەر بۆ دروستبوونی پاڵەوان لە گشت یارییەکان.

*** یانەی هەولێر تا چەند پاڵپشتی ئێوەی کردووە؟**

- بەسوپاسەوە تا رادەیەکی باش یانەی هەولێر هاوکار و پاڵپشتی ئێمە بووە بۆ پێشکەوتنی ئاستمان، هیوادارم بەردەوام بن و زیاتر پاڵپشتیمان بکەن.

*** تا چەند دەزگا راگەیاندنەکان بایەخیان پێداون؟**

- بەسوپاسەوە راگەیاندنەکان بایەخەکی زۆریان پێداوین ئەوەش دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی ئاستی ئێمە.

*** لەسەر ئاستی هەڵبژاردەی عێراق هیچ کێشەتان بۆ دروست دەکەن؟**

- بەهۆی کوردبوونمان لە هەڵبژاردەی عێراق غەدرێکی زۆرمان لێدەکرا، پێشتر رێگەیان نەدەدا لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بەشداری بکەین، هەرچەندە ئێمە پاڵەوانی عێراق بووین، بەڵام دوای ئەوەی لە دوو پاڵەوانێتی بەشداریمان کرد و چەندین ملوانکەی زێڕ و زیو و برۆنزمان بەدەستهێنا، ئێستا بەناچاری بەشداری لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوەمان پێدەکەن و بۆچوونیان بەرانبەر ئێمە گۆڕاوە.

***بە ئاستی چ یاریزانێك سەرسامی؟**

- بەئاستی کچە یاریزانی ئیسپانی (لیدیا ڤالنتاین) سەرسامم.

*** باوکت راهێنەرتە و دوو خوشکت یاریزانی بەرزکردنەوەی قورساییین، تا چەند ئەمە هاوکارت بووە؟**

- جێگەی شانازییە، کە باوکم راهێنەرمە و لە هەمان کاتدا دوو خوشکم یاریزانی بەرزکردنەوەی قورساییین، ئەمە هۆکارێکەکە ئاستم پێش بکەوێت و زیاتر پەرۆشی مەشق و یاریکردن بم، بۆیە باوەڕ ناکەم بتوانم لە دوارۆژیش بەبێ باوکم و خوشکەکانم بتوانم لەم یارییە بەردەوام بم.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێ باسی چی بکەیت؟**

- هیوادارم زیاتر بایەخ بەوەرزش بدرێت بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەوێت. لێرەوە دەمەوێت زۆر سوپاسی دایکم و باوکم راهێنەر موحسین عەزیز بکەم، کە پاڵپشتیکردنی ئەوان و رێنماییەکانیان هۆکاری گەیشتنم بەم ئاستە بووە، هەر ئەوانیش هۆکار بوون لە بەردەوامبوونم لە وەرزش.






# ڕەنگە برایەتی بەشداری خولی عێراق بکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی برایەتی ئەمساڵ خاوەن ئاستێکی بەرز و کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان کە دەتوانن ڕکابەری لەسەر نازناوەکان و گەیشتن بە خولە گەورەکەی عێراقیش بکەن، بەڵام تاکو ئێستا یانەکە خۆی یەکلا نەکردۆتەوە بۆ بەشداریکردن، یاخود نەکردن لە خولی پلە یەکی عێراقی، لەبارەی بەشداریکردنیش خولی عێراقی فاتیح حەمەخان ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی برایەتی بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ڕەنگە ئێمە بەشداری یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی پلە یەکی یانەکانی عێراقی بکەین، لە ئەگەری بڕیاردانی کارگێڕیی تیپەکەمان بۆ بەشداریکردن لە خولی عێراقی، ئێمە بە هەمان ئەو یاریزانانەی تیپەکەمان بەشداری دەکەین و چاویشمان لەوەیە کە بتوانین ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنین». لەبارەی خولی کوردستانیش گوتی: «خولی کوردستان هێشتا زۆری ماوە و یانەکانیش ڕکابەری لەگەڵ یەکتری دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی باش، زۆربەی تیپەکانیش ئاستیان زۆر لێك نزیکە لە خولەکە، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکەم کە ڕکابەرییەکان هێشتا چڕتر ببنەوە بۆ شەڕی بەدەستهێنانی نازناو». گوتیشی: «تیپەکەی ئێمە هیچ کێشەو گرفتێکی نییە، ئێمەش وەکو ستافی ڕاهێنەران هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین نازناوی خولەکە بەدەست بهێنین و ئەنجاممان لە خولەکە دڵخۆشکەر بێت».



# ئافرەتانی هەولێر بوونە پاڵەوانی فوتساڵی کوردستان

تیپی تۆپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ یەکەمجار نازناوی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستانی بەدەستهێنا، دوای ئەوەی لە دوایین یاریی خولەکەدا لە بەرامبەر یانەی زێرەڤانی (پاڵەوانی وەرزی رابردوو) لەسەر یاریگای ئەوان و لەبەردەم هاندەرانیان بە (٥-٥) گۆڵ یەکسان بوون و توانییان ببێتە پاڵەوانی خولەکە، پلەی دووەمیش بەر یانەی زێرەڤانی کەوت. تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان چەندین کچە یاریزانانیان لە شارەکانی سلێمانی و کەرکووك و ئاکرێ و بەغدا هێنابووە ریزی یانەکە بە ئامانجی بەدەستهێنانی نازناوەکە، جگە لەوەش تیپەکە هیچ برە مووچە و گرێبەستیان نەبووە، لەبارەی بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە عەباس فەرەج راهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یەك دەستەیی یاریزانان و یەکخێزانیی تیپەکەمان وایکرد کە ئێمە لە سەرەتای دەستپێکی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بیر لەوە بکەینەوە نازناوی کوردستان بۆ کچانی هەولێر بێت، ئێمەش کە لەگەڵ ژمارەیەك لە کچە یاریزانانی شاری سلێمانی پەیوەندیمان بەو تیپەوە کردبوو، چاومان لەوەبوو کە بتوانین کارێك بکەین بۆ شاری هەولێر جێگای شانازیی ئێمە و ئەوان بێت، لای من خۆشترین هەستە کە بتوانین نازناوی خولی نایابی کوردستان بەم هەموو گرفتەوە بەدەست بهێنین و جێگای شانازییە، سوپاسی کارگێڕیی تیپەکەش دەکەین کە زۆر ماندوو بوون لەگەڵ ئێمە و هەموو کات هەوڵی ئەوەیانداوە تیپەکە بەرەو پێش ببەین، لە ماوەی رابردووش هیچ کات هەستمان نەکردووە کە دووریـن لە شارەکەی خۆمان.» گوتیشی: «بە هیوای ئەوەم بەرپرسانی وەرزشی زیاتر گرنگی بە تیپەکانی فوتساڵ بدەن و یانەکان زیاتر هانی کچە یاریزانان بدەن، هیواداریشم هەوڵ بدرێت پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولەکە لە دەرەوەی وڵات لە خولێك بەشداری پێ بکرێت.»

# تیپی لاوانی دهۆک بووە پاڵەوانی خولی نایابی لاوانی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەمساڵ لە خولی نایابی لاوانی یانەکانی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز لە یارییەکان پێشکەش بکات، لە دوایین یاری خولەکەش لە بەردەم هاندەرانی خۆی و لەسەر یاریگای خۆی لە شاری دهۆك بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە هاندەرانی وەرزشی رووبەڕووی یانەی تیپی لاوانی یانەی نەورۆز بووەوە، لەم یارییەش یاریزانانی لاوانی دهۆك توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و سەرکەوتنێکی گرنگیان بەدەستهێنا بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ، بەم ئەنجامەش لاوانی دهۆك بووە پاڵەوانی خولی نایابی لاوانی یانەکانی کوردستان بە کۆکردنەوەی ٨خاڵ، تیپی لاوانی یانەی شێروانەش دوای بردنەوەیان لە تیپی لاوانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر لە دەرەوەی یاریگای خۆیان بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ بە جیاوازی گۆڵ لەگەڵ یانەی نەورۆز توانییان پلەی دووەمی خولەکە بەدەست بهێنن، یانەی نەورۆزیش پلەی سێیەمی خولەکەی بەدەست هێنا، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکاندا دابەش کرا.

